**مه‌هاباد قه‌ره‌داغی**

# به 6/1 ی هه‌موو ساڵێک.. پێشکه‌شه

# شاکارنامه

6

**نامه‌ی ژماره: سفر**

**به یادی: 1999/6/1**

***کاتژمێر ده و په‌نجاو سێ خوله‌کی سه‌رله‌به‌یانی.***



شاکار .. کچی هێژام

ته‌مه‌نی تۆ دروست له‌م چرکه‌ساته‌دا بوو به‌شه‌ش هاوین و، منیش هێدی هێدی سی و نۆ زستانم به ڕابردوو سپارد. له پێش تۆ سیی و سێ ساڵی پڕ له ڕووداوی ڕه‌نگاوڕه‌نگ، دڵته‌زێن و هه‌ستهه‌ژێن ژیام. هه‌بوون ساڵه‌کانیان ده‌بری بێ ئه‌وه‌ی بژین، من ددانی پێدا ده‌نێم که ژیام، چونکه له ناو ڕووداوه‌کانه‌وه هه‌ناسه‌م ده‌دا. ساڵه‌کان تێپه‌ڕین، وه‌لێ لای هه‌موویان یادگاریم هه‌یه و ناتوانن له‌بیرم بکه‌ن. هه‌مووشیان لای من یادگاریان داناوه و ناتوانم فه‌رامۆشیان بکه‌م.

ئاره‌زوو ده‌که‌م له هه‌موو ئه‌و وشانه بگه‌ی که چه‌شنی کریستاڵ ڕه‌نگه‌کانی ژیان ده‌نوێنن و له نێو ئه‌و په‌یامانه‌دا ده‌بریسکێنه‌وه که له‌مه‌ودوا له شێوه‌ی نامه‌دا بۆتیان ده‌نووسم، به‌ڵام ته‌نها بۆ خۆت نین ئه‌م ژیاننامانه، بۆ هه‌موو ئه‌وانه‌شن که له‌نێو واژه‌کاندا بۆ په‌یام ده‌گه‌ڕێن، له پشتی چاوه‌کانیانه‌وه ئاوه‌ز هه‌یه و ده‌یانبزوێنێ. ئه‌م نامانه پێشکه‌ش به یادی یه‌که‌مین چرکه‌ی له‌دایکبوونت، ئه‌و ساته‌ی که خۆشترین موچڕکی به ڕۆحمدا هات، که یه‌که‌مین ماچم کردی.

که‌ی گه‌وره ده‌بی؟!

ببووره مه‌به‌ستم نییه په‌له‌ی گه‌وره‌بوونت لێ بکه‌م، به‌ڵام هه‌ست ده‌که‌م حه‌زم له باسکردنی هه‌موو شتێکه بۆ تۆ، به‌ڵام نه‌ک ته‌نها بۆ خۆت. با له نێوان "تۆ" و "خۆت"دا ئه‌وانی تریش هه‌بن، ئاخر بێ ئاوێنه‌ی سیمای "ئه‌وان" ناکرێ ئه‌دگاری خۆت ڕوون ببینی. من ده‌ینووسم، ده‌شزانم ئه‌مڕۆ هێشتا زووه بۆ تۆ، بۆ تێگه‌یشتن له بریسکه‌ی کریستاڵی واتاکانیان، بۆ چنینه‌وه‌ی به‌رامه‌ی مێخه‌کی ئامانجه‌کانیان، بۆ ته‌ماشاکردنی ته‌لیسمی

ژیانی نێو حەرفەکان. منداڵیی خۆت بژی و خێرا گەورە مەبە، من پەلەم نییە و دەزانم لە پشتی"ئەمڕۆ" دا "دواڕۆژ"ێک هەیەو، ئومێد دەکەم سبەینێ بە چاوەکانی "خۆت" ئەو چرایانە ببینی و بە ئاوەزی پشتی چاوەکانی خۆت لەبەر ئەو چرایانەی لە هۆدەی هەر وشەیەکدا هەڵ دەبن، ڕابمێنی، ڕامانێک مێژوو دروست بکات. کچم ئێمە پێویستمان بە نووسینەوەی مێژووە بە خامەی خۆمان، مێژوویەکی ئازاد. ئاخر سبەی تۆ دەبیتە میراتگری ئەو چرایانەی تەلاری مێژوو دەکەن بە چراخان.

نامەکانم لە ژمارەی سفرەوە دەست پێدەکەم. ژمارەیەک کە نابێت فەراموش بکرێت، تا ئەنجامەکان کەم نەهێنن. پشتی دێڕەکان بە ئاوێنە دەڕازێنمەوە، تا لێیان ڕابمێنیت و ئەودیویان سەرسامترت کەن لە ئەمدیوویان. بیرت نەچێت جگە لە دیووەکان، لە پێش و پاش، لە سەروو خواری واژە و دەستەواژەکان، ڕەهەندێکی دیکەی گرنگ هەیە و نابێ فەرامۆشی بکەی، ڕەهەندی قووڵایی.
کچم مروارییەکانی نێو دەریا هێندە سووک نین سەرئاوبکەون، لە ڕووبەری ئاو مەڕوانە، مروارییەکان بە سانایی خۆیان پیشانی دیدەکان نادەن، لە بنی بنەوە، لە قوڵاییدا نیشتەجێن. بیر لەوە نەکەیتەوە هەروا سانا بگەی بە مانا. ماندووبە و گەڕۆکانە وێڵ بە بە دوای نهێنییەکانی بوون و نەبوون، تا وێڵ نەبیت، تا بوونت بەرجەستە بێت و بە بێ ژیان ساڵگار بە ڕابردوو نەسپێری.
کیژەکەم..
قەت پێت وانەبێت واژەکان خاوەنی یەک مانان، دێڕەکان خاوەنی یەک دیوون، لە فەرهەنگی ماناکاندا بە دووی فەلسەفەی بوونی ئەو واژانە بگەڕێ کە سادە دەنوێنن و لێکدراون، کە بێڕەنگ دەنوێنن و بەڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە ڕەنگڕێژ کراون. جارانی زوو، کە منیش تەمەنم هێشتا خونچە بوو، پێم وابوو سفر دەکاتە هیچ و نابێ بە هیچ. بیرکاری فێر نەبوومایە ئێستاش سفرم لە ڕیزی هیچ دادەنا و پووچ دەهاتە بەرچاوم. بژی بیر، کە هێندە کارە ئاڵۆزەکان سادە دەکاتەوە. بیرت نەچێ بیرکردنەوە پێش پەیڤین دێت، پەیڤینیش لە پێناوی پەیڤین نا، لە پێناوی ڕەنگینکردنی دەنگەکان و، زەنگینکردنی واتاکان و، سەنگینکردنی بیرەکان. هەمیشە پۆشاکێ لەبەر ئەو بیرانە بکە کە بە دەستی داهێنەرانەی خۆت بۆت دووریبن. پۆشاکێکی ساکار و جوان، نە تەسک و نە پان، ڕێک و پێک و پڕ بە بەری خۆیان.
شاکارەکەم..
من دایکێکم هەیە و تۆش دایکێک. ئەگەر ئەو چراکەی هەڵکردبا، من ئێستا مەشخەڵانێکم بەدەستەوە دەبوو بیدەم بە تۆ، تا تۆش کە دەبیت بە دایک خۆر بکەیتە نەدرەسی خۆت. بەڵام ئەو خەتای خۆی نەبوو، حەرفێکی نەدەناسی بیکات بە پزیسک و چرای بیری پێ هەڵکات. پلیتەی ئەو چرایەم بە مەرەکەبی شادەمارەکانی خۆم تەڕ کرد. حەرفەکانم

بەیەکدا خشاند و ئەو پزیسکەم دروستکرد کە بتوانم ئاگر لەو تاریکییە سامناکە بەردەم کە دایکە حەرفنەدییوەکانی ئێمەیان لە شێی خۆیاندا تاساندبوو. لە لێکخشاندنی بەردی حەرفەکان، ڕووناکی و دەنگ دروست دەبن، ئێستاش کە بەردی حەرفەکان بەیەکدا دەخشێنم، نە چرایەک و نە دووان و نە سیان، هەست دەکەم هەموو کوون و کەلەبەرێک خەون بە سیناهییەوە دەبینن، کێو و دۆڵەکانی نیشتیمان تامەزرۆی دەنگ و دەنگدانەوەن. بۆیە شەو و ڕۆژ  نیاندەرتاڵانە بەردەکان بەیەکدا دەخشێنم و ئارەزوو دەکەم ئەوەی بۆتۆ لە منەوە بەجێدەمێنێ، چلچرایەکی هزری و سەدایەکی تیشکئامێز بێت و تۆش بیکەی بە خۆری ئاوەز و بۆ کچەکەی خۆتی بەجێبهێڵیت. دیارییەک بوونی تیا بەرجەستە بێت، کچانی داهاتوو شایانی دیارییەکی وان.

ئازیزەکەم..

سوپاس بۆ ئەوەی کە کردمت بە دایکی خۆت و سەرەتای بوونی خۆتت لە ماڵی جەستەی منەوە دەستپێکرد. سوپاس بۆ ئەوەی کە دڵمت بە خۆشەویستی داگیرکردووە و ناهێڵی ڕق گەرای تێدا دابنێت. سوپاس بۆ ئەو هەموو وانانەی کە بەم ڕۆژگار و شەوگارانە لێتەوە فێر دەبم.

شتێک کە بوو بە هەوێن و ڕێنوێنم بۆ خۆشەویستییەکی مەزن و ئارامیبەخش هەر ئەو پەرتووکانە نەبوون کە تامەزرۆیانە دەمخوێندنەوە، یان ئەوانەی لە زانکۆ نمرەکانم پێیان وەردەگرت، ئەوەی فێری کردم "تووندوتیژی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و خۆشەویستیش خۆی"، تۆ بووی. یەکەمین وانەت دادام ئەی چکۆلەترین و مەزنترین مامۆستام.



بیرمە دوو ساڵ لەمەوبەر بوو، ئەو دەم تۆ تەنها چوار هاوین بوو تەمەنت. بەو وەڵامە سەرسامت کردم و نوقمی ڕامانێکی سپیت کردم، وەڵامی تووڕەبوونی من لە تۆ، کاتێ نەدەسرەوتی و هاروهاجیت دەکرد، منیش بەدەم تووڕەبوونەوە گووتم:

- شاکار بەسە ڕەحەت دانیشە!

هەر دانەنیشتی و هەر بزێویت درێژە پێدا، تۆ مافی خۆت بوو بزێو بی و منداڵی خۆت تەی بکەی، منیش لە ژینگە و کەش، لە دەوروبەر تووڕەبووم و لەو ساتەدا تووڕەتر بووم لێت، ئەمجارە پێم گووتی:

- دانیشە و عاقڵ بە دەنا بە "لێدان" عاقڵت دەکەم!
- نا دایە گیان.. بە لێدان عاقڵ نابم .. هیچ منداڵێکیش بە لێدان عاقڵ نابێت. لێدان خراپتری دەکات، دەزانی؟!.

چ ڕستەیەکی سەیر و پرسیارێکی پەروەردەکارانە و پەیامێکی پێغەمبەرانە لە منداڵێکی چوارساڵانەوە دەبیستم، ئەگەرچی ئەوە یەکەمجار بوو بەرامبەر بە تۆ ڕستەیەکی هێندە تووڕە و شێتانە بەکار ببەم، بەڵام دەرسێکی وات دادام کە هەرگیز و ببڕای ببڕ بەکاری نەهێنمەوە ئەو وتە ناشیرینەی "لێدان".

هێی گوڵی من.. لێم مەگرە و بمبەخشە، تۆ و من خەڵکی دوو دەڤەری جیاین، لە دوو زەمەنی جیاوازدا لە دایک بووین. لەوێدا کە من چاوم هەڵهێنا باژێرێکی پەراوێزخراوی وڵاتێکی داگیرکراو بوو. ساڵێ کە من تێیدا دروستبووم مەخابن ساڵی بەڵا بوو، ساڵی ناکۆکی و دووبەرەکی. تۆ لێم مەپرسە و منیش بیری خۆمی دەبەمەوە ئەو ساڵی بەڵایە، ئەو ساڵی ململانێ نافیکرییەی کە ئاواتمە کۆتایی بێت و نایە.

لەو دەڤەرەدا کیژەکەم نەک هەر منداڵ، هەوڵ دەدرا گەورەش بە لێدان عاقڵ بکرێت. لێدان و، لێدان و، لێدان، بە ئامرازی داپڵۆسێن، بە وتاری دڵپڕوکێن، بە هەموو شێوەیەک ئازاردان ببووە ڕێڕەوی ژیان. بەو هەموو لێدانە بووایە فەیلەسووفستان دەبوو وڵاتەکەم. بەو هەموو نەعرەتە و کوشتن و بڕینە بووایە لەبەر بارانی مەعریفەدا دووشمان دەکرد!

تۆ خەڵکی وڵاتی بەفری. بەفرێ کە سپیترە لە ڕۆحی خۆت. کاتێ دەبارێ و من تێی دەڕوانم، وادەزانم ئاسمان کلوو کلوو ڕووناکی دەئافرێنێ. هەمیشە بە پرسیارەکانت ڕامانم دەوروژێنی، دوێنێ هاتیت و زۆر بە پەرۆشەوە پرسیارت کرد، دیار بوو دوای بیرکردنەوەیەکی منداڵانە، یان چاکترە بڵێم تێفکرینێکی زانایانە، هاتی وەڵام لە ئێمەی گەورەوە وەرگری:

- وایە پرتەقاڵ دایکی لالەنگییە؟

ئێمەی گەورە کەی دەتوانین وەڵامی پرسیارێکی هێندە فەلسەفییانە بدەینەوە! ئێمەی گەورە مێشکی خۆمان بە دەنگوباسەکان و هەواڵی شەڕ و کوشتار جەنجاڵ کردووە. کوا هێندە ژیرین بیر لە پرتەقاڵی دایکی لالەنگی بکەینەوە، یان بە دوای باوکی لالەنگیدا بگەڕێین، کە کەس نازانێ کێیە!.

کە ئێوەی منداڵ هێندە زانایانە پرسیار دەوروژێنن، قسەیەکی نەتەوەیەکی دراوسێم بیر دەکەوێتەوە کە داگیرکەری وڵاتەکەشمە. عەرەب بە ئێوەی "منداڵ" دەڵێن "جاهل"، واتە "نەزان". دڵگران مەبە چاوەکەم کە وایان ناوناوون، ئاخر هەرکەسێ نەتانناسێ پێی وا نابێ کە ئێوە مامۆستان و دەشێ قووڵترین وانەکانی ژیانتان لێوە فێرببین. چەند گرنگە بتانناسین و ئەو بەهرە گەشانەی ناخەوەتان بخوێنینەوە، تا ئێمەی گەورەی خۆبەزانازان، لە ئێوەی ساکارو بلیمەتەوە فێر بین سروشتی و ئاسایی بین، فێر بین شتەکان پێناسە بکەینەوە.

وا بەفرستان، کە ولاتی تۆ و پەناگەی ئێمەیە بەجێدەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ زێدی دایک و داپیر، باوک و باپیرت. بۆ ئەو کوردستانەی کە ئەگەر کچیشی نەبام هەر وەک ئێستا بێئەندازە خۆشم دەویست. هەروەکو تۆ ئەویشم لە ڕۆحی خۆم خۆشتر دەوێ.
سوپاس بۆ سوێد، ولاتی بەفری زۆر ڕووناک، بەفری زۆر بە بریسکە، کە سێزدە ساڵ ئازارەکانمانی گرتەخۆی. لەجۆلانێیەکی ئارام دەچوو بۆ ڕاژەنینی ڕۆحی شەکەت و ڕاچەنیووم.
سوپاس بۆ ئەوەی لەم سێزدەساڵە قسەیەکی کرچ و کاڵم لە هاولاتیانی ولاتەتاراوگەکەم نەبیست ئازارم بدات، کەس لە گوڵێ کاڵتری پێ نەگووتم. وەلێ من خۆم بریندار بووم و بە توورەکەیەک زامەوە هاتبوومە ئێرە و خەڵتانی ئازار بووم. ئازارەکانم هی زوو بوون، ئەوانەی لەگەڵ خۆمدا هێنابوومن و نەیاندەویست بەجێم بهێڵن. ژانەکان لە گیرفانەکانی دەروونمدا مابوون. هی جنێوەکانی ئەوسای جەلادەکانی "بەعس" بوون. بەعسێ کە ڕووخاوە، بەلام مەخابن ئۆجاخی ماوە. ئەو کابووسەی لەکۆڵمان نابێتەوە. ئاخر ئازیزەکەم، لەم ڕۆژانەدا زۆر لەو جنێو و سووکایەتییانە زیاترم بیستەوە، تیژتر لەوانەی ئەوسای کە ئەوان بەدەم سووتاندنمەوە دەیانچزاند بە گوێمدا. جیاوازی نێوان ئێستا و ئەوسا، ئەم جنێوانە و ئەو جنێوانە، زۆر نین. ئەوسا منداڵ بووم و ئێستا دایکی منداڵێک. ئەوسا منداڵانە بەدووی عەشقی نیشتیماندا وێڵ بووم و ئێستا بەو پەڕی ژیرییەوە خۆم هەڵدەدەمە نێو ئۆقیانووسی ئەو عەشقە و بەوپەڕی وردەوە مەلەی خۆم دەکەم. وەک چۆن لە هیچ هەنگاوێکی ڕابردووم پەشیمان نیم، ئاواش لە هی داهاتووم پەژیووان نابمەوە، دەزانم بۆ کار دەکەم، دەزانم هاوکاری کێم، دەزانم بۆچی دەخەبتم و بۆ کێ تێدەکۆشم و ئامانجم چییە. قوولایی دەریام پێواوە ئینجا ئەم ئاڤژەنییەم دەستپێکردووە. بۆیە کیژەکەم وەک چۆن شانازی بە هەموو چرکەیەکی ڕابردوومەوە دەکەم، ئاواش بە هەموو چرکەیەکی داهاتوومەوە دەنازم. هەرچی جنێوی دنیا هەیە با بیدەن. با بەربەستەکان خۆیان تاقیبکەنەوە، ئەوە من نیم بوەستم و ئالای سپی هەڵبکەم، یان بێدەنگ دانیشم و بهێڵم ڕۆژگارەکان بەلامدا تێبپەڕن و پەیامێکیان پێدا نەنێرم بۆ داهاتوو، یان بهێڵم مێژوو ئاوەژوو بنووسرێتەوە، بە دەستی نەیار. ئەوە دایکی تۆ نییە بێدەنگ و سەنگ ڕۆژگار بەڕێ بخات. وەلێ تەنها لە پێناوی پەیڤیندا دەنگ هەڵنابڕم، کاتی ئەو پەیڤەش هەر دێت کە پێویست بێ بگوترێت.

با ئەم وشانەش یادگاری من بن لای مێژوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئەرشیڤی ماڵپەڕێ بڕوانە "ئەگەر ڕوویان بێ ئەرشیڤی بکەن"، چۆن بە بار جنێوم پێ دەدەن نەیارانی بیرم، ئینجا تەماشایەکی بیرەوەرییەکانی دۆزەخیشم بکە و بەراوردێکی ئەم و ئەو جنێوانە بکە و، لە جیاتی من تۆ ئافەرینیان پێ بڵێ، ئافەرینی جنێودەرەکان نا، ئەوانە تەنها تویکڵی ناون، ئافەرینی فیگەرەکانی باکگراوندیان بکە، سەرکردە هێژاکەیان کە هێندە ڕێز لە بیروڕای

جیاواز دەگرێت. کە هێندە ڕێز لە ژن دەگرێت. پێی بڵێ ئافەرین و لە سۆنگەی هەموو سووکایەتییەکانەی بە دەستە بچکۆلەکانت چەپڵەی بۆ لێدە ئەو سەرکردە فیگەرە کە هێندە وەستایانە شاگرد پەروەردە دەکات. ئاخر ئەو زۆر باس لە دیموکراتی دەکات، لە ڕیفۆرم و گۆڕان، وتەکانی زۆر بە بریسکەن، پڕن لە موگناتیس و سەرنجە ئاسنینەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. وتەیەکی ساوایەتی تۆم دێتەوە یاد، کاتێ بە دەم یاریکردنەوە دەتگووت دیموکراسی، ئەو وشەیەت لە گەورەکانەوە بیستبوو، لەبەر خۆتەوە دەتگوتەوە، لێم پرسیت:

- شاکار، دیموکراسی یانی چی؟
- یانی کراس.

ئەو فیگەرە کراسێکی دەڵێی وای لەبەرە ڕۆڵەکەم. کە دەپەیڤێ و باسی ماف دەکات سەرسامت دەکات، وەلێ فێر نەبووە ماف بدات بە بەرامبەرەکەی چ باوەڕێکی لا پەسەندە. ئەو بۆیە جنێوان بە من دەدات ، پێم دەڵێت "سەربەخۆ" نیت، منیش پێی دەڵێیم برادەرگیان تۆ بۆ ئەوە سەغڵەتیت کە "سەربەتۆ" نیم، تۆ ناتوانی ئەوە هەرس بکەیت کە من ئازادم کام ڕێ هەڵدەبژێرم. تۆ پێت وایە خاوەنمی و نازانی من پەروەردەی پەیامێکی باوکمم کە دەیگووت: گرنگ نییە کوڕی یان کچی کێی، گرنگ ئەوەیە خۆت کێی! ئەو بەم پەیامە فێری کردم تەنها خۆم خاوەنی خۆمم، خۆم هەڵبژێرەری ڕێگەی خۆمم، خۆم بەرپرسی هەڵەکانی خۆمم، خۆم خاوەنی شانازییەکانی خۆمم. جا ئەمە بە تۆ هەرس دەکرێ بەڕێزم، تۆیەک کە خاوەنئاسا و باوکسالارانە لێم تووڕەیت و پێت وایە هەر دەبێ ڕێگەی هەڵبژاردەی تۆ بگرم؟! پێت وایە دەرەقەتی ئازادی من دێیت کە بە تەمەنی خۆم بەدەستم هێناوە و قوربانیم بۆ داوە؟!

من پێم وابوو دوای نووسینەوەی ئەو بیرەوەرییانەی ساڵێکی دۆزەخ، ئیدی بۆ هەتاهەتایە ئەو جنێوانە نابیستمەوە و لە بیریشم نامێننەوە، وەلێ پێناچێ هەتا تیغ و خوێ هەبێت، ئەهریمەن بهێڵێ برینەکان دەم دابخەن و سارێژ ببنەوە. بۆیە ژیاننامەکەم دەست پێدەکەمەوە و نەوارێکی تری ژیان بەم میتوودە نوێیەی نامەبۆ تۆی کچم، دەست پێدەکەم.

بەڵام شاکارەکەم.. خاترجەم بە، بانگی من ئاشکرایە وەکو تیشکی خۆر. هەتا "خۆشەویستی" "تۆ" و "کوردستان" هێندە قووڵ بە ناخمدا ڕۆچووبن و دڵ و دەروونیان سیخناخ کردبم، جێگەم نییە بۆ"ڕق" تەنانەت لەوانیش و لە فیگەرەکانی پشتەوەشیان، ئاخر ئەوانیش خەتای خۆیان نییە و کوڕی کلتوورێکن جەور و تەوری بەرهەم هێناوە. لێ دەگەڕێم هەگبەی خۆیان هەڵڕێژن.

شاکار گیان.. داوات لێ ناکەم وەکو من بیر بکەیتەوە و وەک من بپەیڤی و وەک من بکەی، بەڵام ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێڕەوەێکی لە شێوەی ئەوەی منت گرت وهاتیتە مەیدان، لە ڕێگادا تووشی ئەو جۆرە شمشێربەدەستانە هاتی، سڵ نەکەیتەوە ونەترسی و ڕێگەبەرنەدەی، بەڵام نەشخەڵەتێی شمشێربازی بکەی. نەفرەت بکە لە کلتووری تیغ و تەور، شیر و تیر، نەفرەت بکە لە ڕق. ئەگەر هاتی و هەمان ڕێڕەوی منت گرت، بە هەمان عەشقەوە، بگرە گەورەتریش لە عەشقەکەی من بەردەوامی بە ڕێگایەک بدە، کە بە بڕواوە هەڵیدەبژێری. ڕاستە سەختە، بەڵام کە مەرجە کۆڵنەدان بکەی بە ئامانج و ڕاستگۆیی بە پەیام.

با بۆ ئەم نامەیە هێندە بەس بێت. ڕاستە نامەکە درێژ بوو، وەلێ قەینا ئەمە نامەی بنچینەیە. بناغەی تەلاری ژیانێک. نامەی ژمارە سفرە و لێرەوە و لەم وانەیەوە لە ئەزموونەکانی خۆمەوە لابوورێکت بۆ چێدەکەم لە حەرفەکانی ڕووناکی و ناوی دەنێم "شاکارنامە". ژیان بریتی نییە لەو سالانەی تیایدا دەژین، بریتییە لەو ئەزموونانەی کە لێیانەوە فێر بووین و فێردەبین. تا نامەی داهاتوو، بە چرای گەشی هیوات دەسپێرم.

**ستۆکهۆڵم**
**2005/6/1**